## د. مەجۆر تۆماس ماوڵ لە ئەکادیمیای هێزی ئاسمانی ئەمەریکا بۆ گوڵان:

# سیاسەتی ئاشکرای ئەمەریکا یەکپارچەیی عێراقە، کەسیش نازانێت ئەمەریکا هەڵوێستی چۆن دەگۆڕێت



**د. مەجۆر تۆماس ماوڵ ئوستادی زانستی سیاسەتە لە ئەکادیمیای هێزی ئاسمانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و پسپۆڕە لە بواری پەیوەندی نێودەوڵەتی و سیاسەتی دەرەوە و بڕیار دروستکردن و ئاسایش، هەروەها لەسەر بارودۆخی عێراق چەندین دیراسەت و توێژینەوەی هەیە و کتێبێکی بەناونیشانی (میلیشیاکانی عێراق گرفتن The Iraq`s militia problem) نووسیوە.**

**گوڵان بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی عێراق و ئایندەی سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا پەیوەندی بە مەجۆر تۆماس ماوڵ کرد و بەڕێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**

### تەنیا عێراقییەکان دەتوانن سەقامگیری دابین بکەن

کێشەی عێراق لەو ئاستە دەرچووە بە هێزی سەربازی یان ستراتیژی سەربازی چارەسەر بکرێت، ئێستا عێراق بۆتە وڵاتی میلیشیا و حکومەت ناتوانێت کۆنترۆڵیان بکات، هەر هەوڵێکیش دەخرێتە گەڕ بارودۆخەکە خراپتر دەکات و دواترین نموونەشمان، ئەزموونی ئەم چەند مانگانەی ستراتیژی تازەی ئەمەریکایە لە عێراقدا، شرۆڤەوانان ئاماژە بەوە دەکەن کە هەنگاوی یەکەم لە چەککردنی میلیشیاکانەوە دەست پێدەکات، بەڵام ئەم کارە نە بە حکومەتی مالکی کراوە و نەدەشکرێت، نە ئەمەریکاش دەتوانێت لەم کارە سەرکەوتوو بێت، هەربۆیە ئەو دووڕیانەی عێراق تیایدا راوەستاوە، لە هەردوولاوە ترسناکە.

دەربارەی ئەم بارودۆخەی عێراق مەجۆر تۆماس ماوڵ بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:

میلیشیاکانی عێراق نە دەتوانرێت نەهێڵرێن نەدەشتوانرێت چەکیان لێ داماڵرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو هێزەی ئەمەریکا لە عێراقدا پەندی لە ئەزموونەکانی رابردووی خۆی وەرنەگرتووە، هەروەها ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش نەیتووانیوە پلانێکی سەرتاسەری بۆ ئەم مەسەلەیە دابڕێژێت، هەروەها نەیتووانیوە رۆڵێکی بێ لایەنانە وەک نەتەوە یەکگرتووەکان بگێڕێت، هەربۆیە سەرەنجام چەک داماڵینی میلیشیا چەکدارەکان لە عێراقدا فەشەلی هێنا، هەر ئەم فەشەلەش وایکرد کە نەتوانێت هێزێکی ئاسایشی پتەو دروست بکات سەرەنجامیش ئەم شەڕە ناوخۆییە هەڵگیرسا، هەربۆیە دەبێ بۆ ئەم گرفتە سیاسییەی عێراق، عێراقییەکان خۆیان رێگە چارەیەک بدۆزنەوە، تەنانەت ئەو دەستوورەش کە بۆ عێراق دانراوە، عەرەبی سونە پێی رازی نییە و هەست دەکەن پشتگوێ خراون هەربۆیە لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٥ دەنگیان بە دەستوورەکە نەدا، ئێستا سونە داوا دەکات ئەو دەستوورە هەموار بکرێت، بەڵام کارێکی زۆر قورسە ئەو دەستوورەش دەستکاری بکرێت، بەڵام ئاسانە خەڵک داوای یاسایەک بکات کە بە یەکسانی سەیری هەموان بکات، هەروەک ئەو هەنگاوەی ئەم دواییەی



بەڕێز بارزانی لە بەرامبەر یاسای پەترۆڵ کردن بەوەی داهاتی پەترۆڵ بۆ هەموو عێراقییەکان بێت، لەوانەیە بۆ لایەنەکانی دەرەوە کارێکی ئاسایی بێت داوای گۆڕانکاری بکرێت و بڵێت وا بکەن، بەڵام هەندێک مەسەلە وەک ریفراندۆمی کەرکووک کە لە دەستووردا هاتووە ناتوانرێت بگۆڕدرێن، من وای دەبینم ویلایەتە یەکگرتووەکانیش لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانە نەبێت.

هەروەها ئەگەر هەنگاوێک بنرێت کورد بە دڵی نەبێت ئەوا بڕیاری دیکە دەدات سەرتاسەری دەستوورەکە ڕەتدەکاتەوە، بۆیە زۆر گرنگە رێگە نەدرێت کورد بگاتە ئەو قەناعەتەی بەو ئاراستەیە هەنگاو هەڵبگرێت بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا بارودۆخەکە زۆر قورسە، مەزەندە ناکرێت چۆن گۆڕانکاری تێدا دروست دەکرێت.

**کەس نازانێت ئەمەریکا چۆن بڕیار دەدات ئەوەی ئاشکرایە عێراقێکی یەکگرتووی دەوێت**

پێش ئەوەی بە کردەیی دەست بە دروستکردنی دیواری بەغدا بکرێت، هیچ ئاماژەیەک بەو ئاراستەیە نەبوو کە ئەمەریکا هەوڵدەدات گەڕەکەکانی بەغدا بە دیوار لە یەکتری جیا بکاتەوە، ئەوەی ئاشکرا بوو ئەمەریکا هەوڵدەدات سەقامگیری و ئاسایش بگێڕێتەوە بۆ بەغدا، هەربۆیە گەلێک جار ئەوەی لەودیو هۆڵە داخراوەکانەوە بڕیارسازانی ئەمەریکی بڕیاری لێدەدەن جیاوازە لەو لێدوانانەی کە لە میدیاکاندا پەخش دەکرێت، بێگومان ئەم سیاسەتەی ئەمەریکا هەر بەرامبەر عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەمجۆرە نییە بەڵکو لە ئەورووپای رۆژهەڵات و بەلکانیشدا ئەمەریکا هات سەربەخۆیی کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤییەت و دابەشبوونی یوگسلاڤیاش راگەیەنرا هەر جەختی لەسەر یەکپارچەیی ئەو ناوچانە دەکردەوە، ئێستاش لە عێراقدا سیاسەتی ئاشکرای ئەمەریکا جۆرێکە و بیرکردنەوەی بڕیارسازان لەوانەیە جۆرێکی دیکە بێت، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەو لێدوان و وتە رەسمییانەیە کە لە میدیاکاندا شرۆڤە دەکرێت.

سەبارەت بە سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا د. تۆماس ماوڵ گوتی:

ئەوەی من لە سیاسەتی ئەمەریکا تێگەیشتووم و دەخوازم سەرکردایەتی کوردیش لێی دڵنیا بێت ئەوەیە، کە ئەمەریکا هەر عێراق بەجێدەهێڵێت و هێزەکانی خۆی دەکشێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی مانەوەی لە عێراقدا رێگەچارەیەکی پەسەند نییە، من دڵنیانیم ئەمەریکا کەی بڕیار دەدات لە عێراق پاشەکشە بکات، بەڵام ئەم بڕیارە هەر دەدات، لایەنێکی دیکەی سیاسەتی ئەمەریکی لەعێراقدا بەو جۆرە دەبینم کە:

١- ئەمەریکا دەیەوێت یەکپارچەیی عێراق بپارێزێت

٢- ئەمەریکا نایەوێت یەکێک لە پێکهاتەکانی عێراق براوە ببێت و دەوڵەتی سەربەخۆ رابگەیەنێت.

لێرەدا پرسیارێکی دیکە سەرهەڵدەدات ئەوەیە، ئەگەر کورد بڕیاری سەربەخۆیی بدات ئەمەریکا هەڵوێستی چۆن دەبێت؟ من ناتوانم لەسەر ئەم مەسەلەیە قسە بکەم، بەڵام دەزانم ئەمەریکا هەوڵ نادات ئەم دەوڵەتە دروست ببێت، بەڵام ئەگەر روویداو بەو شێوەیەی کە گەلی کورد ئومێدی بۆدەخوازێت ئەوە مەسەلەیەکی دیکە یە و لێدوان لەبارەیەوە کارێکی ئاسان نییە.

بەڵام سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان من دەزانم هێزی پێشمەرگە توانیوویەتی رۆڵێکی گەورە لە دابینکردنی ئاسایشی هەرێمەکەدا بگێڕێت، ئەمەش کارێکی زۆر زۆر باشە بە راستیش هێزی پێشمەرگە هێزێکی بەتوانایە، وەک خۆشتان دەزانن کوردستان بەشێکە لە ئۆپەراسیۆنێکی مێژوویی، ئەم مەسەلەیە چەند بۆ کوردستان گرنگە، هێندەش ترسناکە، لەبەر ئەوەی کوردستان رووبەڕووی هەموو عێراق دەبێتەوە، بەڵام راستیەکیش هەیە هەموو لایەک دەیزانین ئەمەریکا نایەوێت کوردستان سەربەخۆ بێت ئەم راستیە سەرکردایەتی کوردیش دەیزانێت، بێگومان ئەم شرۆڤانەی من دیوی دەرەوەی سیاسەتی ئەمەریکایە، بەڵام هیچ کەسێک نازانێت ئەمەریکا هەڵوێستی رانەگەیەنراوی چۆن دەبێت، بۆیە ئەوەی من باسم کرد ئەو سیاسەتەیە کە ئێستا هەموومان دەیبینین، ئەم سیاسەتەش لەسەردەمی ئیدارەی سەرۆک بوشدا بەمجۆرە دەمێنێتەوە، بەڵام لەوانەیە لەگەڵ هاتنی سەرۆکێکی تازە بۆ کۆشکی سپی زۆر مەسەلە گۆڕانکاری بەسەردابێت.

**ئەمەریکا نەیتووانیوە رۆڵێکی بێ لایەنانە وەک نەتەوە یەکگرتووەکان بگێڕێت، هەربۆیە سەرەنجام چەک داماڵینی میلیشیا چەکدارەکان لە عێراقدا فەشەلی هێنا، هەر ئەم فەشەلەش وایکرد کە نەتوانێت هێزێکی ئاسایشی پتەو دروست بکات سەرەنجامیش ئەم شەڕە ناوخۆییە هەڵگیرسا**

**ئەمەریکا نایەوێت کوردستان سەربەخۆ بێت ئەم راستیە سەرکردایەتی کوردیش دەیزانێت، ئەم شرۆڤانەی من دیوی دەرەوەی سیاسەتی ئەمەریکایە، بەڵام هیچ کەسێک نازانێت ئەمەریکا هەڵوێستی رانەگەیەنراوی چۆن دەبێت**